# LIDA Stories

lidastories.net

## هاتن بۆ نەرویج / Chegar à Noruega


Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran (ckb), Susana Coimbra (pt)



This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0


هاتن بۆ نەرویج

**Chegar à Noruega**


Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran


5

کوردی ckb / português pt

له مانگی 12ی 2016 من و دوو براکەم هاتینە نەرویج. ئێمە جلوبەرگی هاوینەمان پۆشیبوو چونکە وامانزانی لە نەرویجیش گەرمایە و وەک لە سۆماڵ وایە. هەرچۆنێک بێت، کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەفر دەباری. ئێمە سەرمامان بوو و کەشەکەش تەزی بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند جانتایەکمان هێنابوو، ئەوان تەنها جلی هاوینەیان تێدا بوو.

• • •

Os meus dois irmãos e eu chegámos à Noruega em dezembro de 2016. Estávamos a usar roupas de verão porque pensávamos que estaria tão quente na Noruega como na Somália. Contudo, quando chegámos ao aeroporto, estava a nevar. Tínhamos frio e o tempo estava gelado. Apesar de termos trazido algumas malas, só tínhamos roupas de verão lá dentro.

هەرچەندە سارد بوو، من دڵخۆش بووم ئەو کاتەی هاتینە نەرویج.
لەکۆتاییدا دووبارە دایکم دەبینم، کە بۆ شەش ساڵ نەمبینیبوو.
دایکم و دوو لە هاوڕێکانی پێشوازیان لێکردین. کاتێک بینیمان لە
خۆشیان گریاین. بەرەو ئەو شارۆچکە بچووکە لێیانخوڕی کە دایکم
لێی دەژیا.

. . .

Apesar de estar frio, eu fiquei muito feliz quando cheguei à Noruega. Finalmente iria reencontrar a minha mamã, que não via há seis anos. A minha mamã e dois dos seus amigos foram ter connosco. Quando a vimos, chorámos de alegria. Fomos de carro até à pequena cidade onde a minha mamã vive.

ڕۆژەکانی سەرەتا لە شارۆچکەکەی دایکم زۆر سەیر بوون. سارد و
بەفراوی بوو و شتی زۆر نەبووتا بیانبینین. شەقامەکان بەتەواوی
خاڵی بوون. ئەو خەڵکە کەمەی کە بینیم سارد و ناحەز بوون. لە
سۆماڵ لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێبوو، بۆیە هەموو شتێک لێرە
نامۆ دیار بوو. دایکم و هاوڕێکانی هەندێک دیاریان بە ئێمە دا، ئەوجا
ئێمەی برد بۆ کڕینی جلوبەرگی زستان.

. . .

Os primeiros dias na cidade da mamã foram muito estranhos. Estava frio e a nevar e não havia muito para ver. As ruas estavam completamente vazias. As poucas pessoas que conheci pareciam frias e pouco amigáveis. Na Somália havia pessoas em todo o lado, por isso tudo aqui parecia estranho. A minha mamã e os seus amigos deram-nos alguns presentes e depois ela levou-nos a comprar roupas de inverno.



ئەگەر لە سۆماڵ بمایەتمەوە، پێموایەتا ئێستا دەبوومە دایک.
لەوانەیەتا ئێستا چەند منداڵم هەبووایە. ئەگەر لە سۆماڵ بووماییە،
هەمان ئەو هەلانەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە. هەست دەکەم بە
بەختم کە لە نەرویج دەژیم.

. . .

Se eu tivesse ficado na Somália, penso que já teria sido mãe. Talvez já tivesse tido muitos filhos. Se eu tivesse ficado na Somália, não teria tido as mesmas oportunidades que tenho tido agora. Sinto-me sortuda por viver na Noruega.

ساڵی داهاتوو دەست دەکەم بە قوتابخانەی ناوەندی لە بەشی گەشەپێدانی تەندروستی و گەنجان. دەمەوێ لە داهاتوودا ببم بە کارمەندی کۆمەڵایەتی گەنجان. کاتێک خوێندنەکەم تەواوکرد خەونم ئەوەیە کارێکی بەردەوامم دەستکەوێت. هەروەها دەشمەوێت فێری شۆفێری ببم و مۆڵەتی شۆفێری وەرگرم.

. . .

No próximo ano, vou começar o ensino secundário na área de saúde e desenvolvimento de jovens. No futuro, quero tornar-me uma profissional que trabalha com jovens. Quando terminar a minha formação, o meu sonho é conseguir um emprego permanente. Também quero aprender a conduzir e tirar a carta de condução.



دوای پشووەکانی سەری ساڵ پەیوەندیم بە خولێکی زمانی نەرویجی کرد لە سەنتەرێکی پەروەردەیی پێگەیشتووان. من بۆ دوو ساڵ لەوێ خوێندم بەر لە چوون بۆ قوتابخانەیەکی ئاسایی. ئێستا من لە کۆتا ساڵم دام، وە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە. من زۆر کۆمەڵایەتیم و چێژ دەبینم لە ناسینی خەڵکی تر.

. . .

Depois das férias de Natal, participei num curso de norueguês no centro de educação para adultos. Estudei lá durante dois anos antes de começar numa escola normal. Agora estou no meu último ano e fiz muitos amigos novos. Sou muito sociável e gosto de conhecer outras pessoas.

دوای قوتابخانە دەچمە ناوەندێک کە لەلایەن خۆبەخشانەوە
بەڕێوەدەچێ کە لەوێ یارمەتی وەردەگرم بۆ ئەرکی ماڵەوەم.
هەروەها پەیوەندیم بە خولێکی دروومانیشەوە کردووە لە ناوەندەکە.

• • •

Depois das aulas vou a um centro dirigido por voluntários onde me ajudam com os meus trabalhos de casa. Também participei num curso de costura no centro.



لە سۆماڵ هەرگیز نەچووم بۆ قوتابخانە و هیچ خولێکم نەبینیوە
جگە لە قوتابخانەی قورئانی. نەمدەزانی چۆن بخوێنمەوە یان
بنووسم. ئێستا فێربووم چۆن بنووسم بە هەردوو زمانی سۆماڵی و
نەرویجی، لەگەڵ چەندین بابەتی تر. بەبێ خوێندن هەستم دەکرد
کە من هیچ کەسێک نیم. ئێستا هەست دەکەم کە زانیاریم هەیە و
دڵخۆشم.

• • •

Na Somália, nunca fui à escola nem fiz nenhum curso, exceto a Escola do Alcorão. Não sabia ler nem escrever. Agora aprendi a escrever tanto em somali, como em norueguês, e muitas outras disciplinas. Sem estudos, sentia que não era ninguém. Agora sinto-me uma pessoa com conhecimento e feliz.